In order to everything you have or haven't look like me

Negar nadir

diary

## بۆ ئەوەی هەرچی هەتەو نیتەبەمن بچێ




نیگارنادر

## دانوساندن و ململانێیەکی ژنانەدەگەڵ ژیان

نوسینەوەی بیرەوەری ئەگەرچی پێویستی بەراستگۆیەکی بێ ئەژمار هەیەپێویستیشی بەجەسارەتێکی گەورەهەیەسەرەرای ئەوەی مرۆدەبێت گەیشتبێتەحاڵەتێک لەدابران و خۆخواردنەوە تەرزەژیانێکی تایبەت زەهینێکی بەبرەو و تیژ،بەتایبەت نوسینەوەی بیرەوەریەک کەتێکەڵکێشی ئەدەب کرابێ سەرلەبەری بەزمانێکی شێعری دارێژابێت.

نوسینەوەی بیرەوەری لەناو کەلتوری ئەدەبی گەلانی پێشکەوتودا پێشێنەی خۆی هەیەو بەگەلێک قوناخیشدا تێپەریوە لق وپۆپی جودای لێبونەتەوە وەکو پاراستنی نامەی کەسی ونامەی دڵداری وپاشان بلاوکردنەوەیان یانوسینەوەی بایۆگرافی ویا بلاوکردنەوەی زۆر وێنەو دۆکیۆمێنت کەتێکرایان دەچنەوەسەر و بازنەیەکی مێژووی دەبنەبەشێک لەبیرەوەری،هەروەها ئێستا نوسینی ئەو کتێبانەجێگاو نرخی خۆیان هەیەلەکتێبخانەکانی دونیادا هەندێکیان دەبنەپرفرۆشترین کتێب چونکەکتێبێکن ئاسان بۆ خوێندنەوە خوێنەر چێژێکی تایبەتیان لێدەبینێ وەهەروەها ئەو جۆرەکتێبیانەبەکتێبیرۆژانە ناوزدەکرێن و وەکی تیشویەک ئاسان دەگەڵ خۆ هەڵدەگیرێن بەرێگاوەولەناو شەمەندەفەرو مێترۆ و زۆربەیان لەسەر بەرگەکانیان نوسراوەچەند شیعرێکبۆ سەفەر یا بۆ دڵداری یا بۆ خاوبوونەوەی گرژی ماندویەتی سەر کار یا هەندێکی تریان بەکتێبی ئارامکەرەوەی رووحی

ناوزەدکراون و بەشێوەیەکی سەرسورهێنەر بە ئاستێکی سایکۆلۆژی باڵا دیزاین کراون لەناویاندا وتەی رێبەرانی ڕوحی و فەیلەسوفانیان تێدا دارێژراوەکەمرۆ بەخوێنەوەیان تەواو ئارام دەبێتەوە لەو دەمانەی کەزۆر لەسەرحاڵ نیە یەکجێ ووزەو کەیفی وەبەر دێتەوە تا رادەیەک لەفشاری رووحی دوردەکەوێتەوە.

Negar nadir

diary

بۆئەوەی هەرچی هەتەو نیتەبەمن بچی کتێبێکەلەساڵی 2008 لەدەزگای ئاراس چاپکراوەو لەکۆی 187 لاپەرەدا و دەرهێنانی هونەری ناوەوەی بەدەستی هونەرمەند ئاراس ئەکرەم کراوەکەجێی دەستخۆشی لەکردنێ و سوپاسی تایبەتی منە چونکەشێوەیەکی تایبەتیەندیەکی بەخشیوەتەکتێبەکە کەتەواو شێوەی رۆژمێری هەیەو لەهەمووش جوانتر ساڵ و مانگەکانی بەکوردی لەسەر نوسراوە.

بۆ ئەوەی هەتەو نیتەبەمن بچێ دەقێکەبەبەشیوەی بیرەوەری دارێژراوەو ئەز لەو بەرهەمەدا هەوڵمداوەدیوەکی رووحی ژن وەدەرخەم کەگەلێک شاراوەیەبگرەجێی دەست بۆ بردنێش نیەوپاشان بەهەموو دیواندا ویستومەزمان وژیانی ژن بەگەرمی تێکەڵی کارێکی ئەدەبی بکەم هەرچەندو هەرچۆنی لەدەستم هاتبێ ویستومە ئەو سنورەبپەڕێنم کەزمانی ژنی تەوقداوەوپەیوەندیەگەرمەکەی نێوان سروشت و ژن بنوسمەوەکەچۆن دڵۆپەکانی بارانێ رۆژانەلەسەری کاردەداتەوەو چۆن با بەدڵی ژنان هەڵدەکاو سروشتێش کەیفی بەدڵی ژنان دی و زۆر جاران خۆ دەگەڵ پرچ و کەراس و پیاوەکانی ناو دڵیان تێکەڵ دەکا زۆرجاریش ململانێەکی پیاوانەیان دەگەڵ دەکا، هەروەها دەستمداوەتەو هەموو ئەو کەلوپەلەکەسیانەی رۆژانەژن بەکاریاندێنێ و بەژیانیەوەبەندن وەکوو ئەو شامپۆیەی پرچی پێدەشوات ئەو گوارانەی لەگوێچکەیان دەکات ئەو جانتایەی بەدەستیەوەدەگرێ و هەتارەنگی ئەو کەراسانەی لەبەریاندەکاو هەتا ئەو بازنەو ئەو موبێل و ئەونامانەی پێیدەگات و دەستیان لێدەدات.

ئەز پێم وایەژن لەوەگەورەترەکەبەزمانێک و عەشقێکی تەقلیدی چ پێ ڕۆنێتەناو ئەدەب چ بنوسرێتەوە هەروەها ژیانی تژی یەلەسیحر کەجێی خۆیەتی بەزمانێکی باڵا ببیتەدەقی ئەدەبی ژن هەر بەتەنها ئەو لەش و لارەنیەکەپیاوان لە بۆ حەزو دڵداری خۆ پێیەهەڵابلێنو ژن هەر ئەوەندەنیەلەو ڕێ و دەریچەوە خۆ بنوسێتەوە و خۆش بەئەدیب بزانێ.

ئەوەی بۆتەجێێ سەرنجمتا ئێستا زمانی ژن لەئەدەبی کوردی دازمانێکی خاوو زمانێکی ئابلۆقەدراوەبەبیست پێچوپەنایاند دەگوزەرێ تا گوزارشت لەهەستێک بکا سەد سەرەدولکەتێک دەکاتەوەتا ئەوەی دەیەوەی ببێژێ ناراستەخۆ بێت و بە جۆرەوشەیەک دەرببڕێ کەبۆی گونجاو بێت ئەوەش دەبتەهۆی وشک داگەڕنی زمانەکەی و پێشنەکەوتنی ئەدەبەکەی و قەتیسمانی لەچوارچێوەی شیعر وچیرۆک یا رۆمان نوسین داو جەسارەت نەکا پەل باوێتەسەر ژانرەکانی دیکەی ئەدەب بۆ نموونەنوسینی شانۆنامەو رەخنەو یا هەرلەشیعر نووسین و چیرۆک نوسین و ڕۆمان نوسینیشدا دورەپەرێزەلەدەربڕینیکی راستگۆو بەو ئاقارانەدا ناگوزەرێ کەدەبنەجێی پرسیارو گومان لەنوسینەکانی دابەدیوێکی دیدا هەوڵینەداوەژیان بەگەرمووگوڕی و بەهەموو ئەزمەنەکانیەوەتێکەهەڵکیشی ئەدەب بکا تا زیندویەتیەک بەئەدەبەکەی بدا.

Negar nadir

diary

ههروهها تائێستێ ئهوهسهرنجم تاو دهدات ههر ژن نا بهڵكو پیاوان ئهدیبیش زۆر بهترسهوهباس لهخۆشهویستی دهكهن و بهههزار پێچ و پهنای دا دهگوزهرێنن،كێههخۆر خۆ بهر پێگهیشتوو دهزانێ ئامادهنیهههموو ئهزمونهكانی خۆی بهراستی بنوسێتهوهو بڵاویان بكاتهوه! بهتێكڕایی ئهوهی جهسارهت نهكا ئازایانهژیانی بهتێككشكان و سهركهوتنهكانیهوهبخاتهبهر چاوان و راستگۆیانهباس لهخۆ بكا ئهوا ئهو بهرههمهی دهینوسێ جێی پرسهو! ئهز قهت بهرههمی ئهو كهسانهناخوێنمهوهو چاوی خۆ ماندوو ناكهم.

ژ دوماهیهدا چاوهرێدهكهم ئهگهر بهههنگاوی گچكهلهش بێت بتوانینین ئهو رۆتینهبشكێنین كه ئێستاكتێبی كوردی پێدهنوسرێ و ئهو سنورانهببزێنین كهزمانیان لهئهدهبدا تهوق كردوه.